# «کوردناسیی بەراوەژوو»

## خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی پرۆژەی ئێرانشاریی گارنیک ئاساتووریان



دوکتۆر ڕەهبەر مەحمووودزادە

---

**شناسنامه کتاب: کردها و خاستگاه آنها: روش‌شناسی مطالعات کردی، گارنیک آساطوریان، مترجم:صنعان صدیقی. تهران: نشر فرهامه، ۱۳۹۷.**




**ISBN: 978-600-8284-26-0**

www.kurdbookhouse.com

وشەی "کوردناسی" یان "کوردۆلۆژی" لە مانایەکی گشتی و لە مانایەکی بەرتەسکتردا بەکار هێنراوە. لە مانا بەرتەسکەکەیدا کوردناسی بە لقێکی ڕۆژهەڵاتناسی ئەژمار کراوە. لەبەر ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسی یان ئۆریەنتیالیزم بە کۆی لێکۆڵینەوەکانی زانا ڕۆژئاواییەکان لەمەڕ ڕەچەڵەک و مێژوو و زمان و دابونەریتی گەلە ڕۆژهەڵاتییەکان گوتراوە، بە گوێرەی ئەم مانایایە، بۆ نموونە نووسراوەی زانا مسوڵمانەکانی سەدەکانی ناوین یان لێکۆڵینەوەی زانا

کوردەکان خۆیان دەربارەی فەرهەنگی کوردی لە خانەی کوردناسیدا جێگیر نابێ. بەڵام لە مانایەکی گشتیتردا کوردناسی بە هەموو ئەو لێکۆڵینەوانە دەگوترێ کە بابەتەکەیان دەکرێ وەکوو مەدخەل یان سەرناوی دایرەتولمەعاریف/ئەنسیکلۆپیدیایەکی کوردی کەڵکیان لێ وەربگیرێ؛ چ زانا ڕۆژئاواییەکان نووسیبێتیان، چ توێژەرە ڕۆژهەڵاتییەکیان و چ کورد خۆی نووسیبێتی.

لە ڕوانگەی ئێمەوە مانای گشتیی کوردناسی زۆرتر جێگای داکۆکییە. کوردناسی ئەگەرچی بوارێکی توێژینەوەیە کە یەکەمجار لە لایەن نووسەرە ڕۆژئاواییەکانەوە ـ وەک لقێکی زانستی ـ بناغەی دانراوە، بەڵام دواتر بە توێژینەوەی توێژەرە ڕۆژهەڵاتییەکانیشەوە دەوڵەمەند کراوە. ناکرێ بۆ نموونە کتێبی گارزۆنی ئیتالی وەک سەرچاوەیەکی کوردناسی چاوی لێ بکرێ بەڵام شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسی یان تاریخولئەکرادی مەستوورەی ئەردەلان وەک بەرهەمی کوردناسانە چاویان لێ نەکرێ.

بەڵگاندنێک کە پاڵپشتی هەڵبژاردنی مانا گشتییەکەی وشەی کوردناسی دەکا ئەوەیە کە لێکۆڵەرە ڕۆژئاواییەکان خۆیان بە لێشاو کەڵکیان لەو سەرچاوە ڕۆژهەڵاتییانە وەرگرتووە.

کوردناسی هەندێک جار وەکوو بەشێک لە لقی ئێرانناسی چاوی لێ کراوە و هەندێک جاریش وەکوو لقێکی سەربەخۆ ئەژمار کراوە.

گرینگایەتی لەڕادەبەری کۆمەڵە لێکۆڵینەوەکانی کوردناسی لەوەدا بووە کە کاریگەرێتی بەرچاوی لەسەر گووڕانی شوناسێکی یەکپارچەی کوردی هەبووە. کوردناسی هەتا ئێستا بە شێوەیەکی بەربڵاو تیشکی خستووەتە سەر مێژوو و زمان و ئەدەبیات و دابونەریتی کورد. هەموو ئەو بوارانە بە سازدەری گرینگی شوناسێکی سەربەخۆ و یەکپارچە بۆ کورد ئەژمار دەکرێن.

دیارە ئەو کەس و لایەنانەش وا ـ بە هەر هۆیەک ـ دژی ئەو بۆچوونەن کە داکۆکی لە شوناسێکی یەکپارچە و سەربەخۆ بۆ نەتەوەی کورد بکرێ بە سانایی لەگەڵ کوردناسی وەکوو

www.kurdishbookhouse.com

لقێکی ئاکادێمیک یان وەکوو هۆکارێکی شوناس‌ساز پێک نایێن. ئەو دژایەتی کردنە بە دوو شێوە دەکرێ:

ـ یان لە بنەڕەتدا دژایەتی لەگەڵ بوونی لقێکی وەک کوردناسی لە ناوەندە زانستی و ئاکادێمیکەکان دەکرێ،

ـ یان پێشنیارەکە ئەوەیە لقەکە بە ڕەسمی بناسرێ بەڵام لەژێر چەتری کوردناسی‌دا ئەو تیۆرییانە پەرەیان پێ بدرێ کە دژ بە بیچم گرتنی شوناسێکی مێژوویی بۆ کورد وەکوو نەتەوەیەک بن و دژ بە یەکیەتی نەتەوەیی ئەو گەلە بن کە ئێستا و بە درێژایی مێژوو بە کورد ناسراوە. بە دەربڕینێکی دیکە پێشنیارەکە ئەوەیە کە بە ناوی کوردناسییەوە ئەو باس‌وخواس و تیۆرییانە بەرهەم بێن و بڵاو بنەوە کە تیۆرییە شوناس‌سازەکان پووچەڵ بکەنەوە.

شێوەی یەکەمی بەرەوڕووبوونەوەی دژبەرانە لەگەڵ بابەتی کوردناسی، شێوەیەکی کاریگەر نەبووە. چونکە ئەگەر کەسێک یان لایەنێک لە ناوەندێکی زانستیش‌دا دژ بە پێک هاتنی لقی کوردناسی بێ، سوور دەزانێ لە وڵاتی دیکە و لە ناوەندی تر دا ئەو لقە دادەمەزرێ و کەسانێکی پسپۆر کاری تێدا دەکەن. کەوابوو لە ڕوانگەی ئەوانەوە شێوەی شوێندانەرتر بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ کوردناسی ئەوەیە کە بە ناوی لێکۆڵینەوەی کوردناسی و بە پاراستنی ڕواڵەتی ئاکادێمیکی لێکۆڵینەوەکان، ئەو سەرچاوانەی وا ئەو بوارە پاراو دەکەن بە بەربڵاوی لێڵ بکرێن و لێکۆڵینەوەی چەواشە بە هەراوی بخزێندرێنە ناو ژێدەرە ئاکادێمییەکانی تایبەت بە کوردناسی و وای لێ بێ لێک هەڵاواردنی پاک و پیس، کاری نەکردە بێ.

هیچ ئامرازێک ئەوەندی دەست‌بەسەرداگرتنی ناوەندێکی زانستی و ئاکادێمیک بۆ بڵاو کردنەوە و چەسپاندنی کۆمەڵە بۆچوونێکی تایبەت شوێندانەر نییە.

گارنیک ئاساتووریان دامەزرێنەری ناوەندێک بۆ لێکۆڵینەوەی کوردناسی لە یەریڤانی پێتەختی ئەرمەنستانە. ماموستای زانکۆیە و جگە لەم ناوەندە کوردناسییە، سەرپەرشتی ناوەندێکی ئێرانناسی لە یەریڤان و دوو بڵاڤۆکی ئێراننامە و ئاکتا کوردیکا‌ش دەکا.



www.kurdishbookhouse.com

سەرنووسەری گۆڤارێکە بەناوی "ئێران و قەوقاس". لەم دواییانەدا کتێبێکی بە ناوی "کردها و خاستگاه آنها"[1] بە وەرگێڕانی "صنعان صدیقی" بە زمانی فارسی بڵاو بووەتەوە.[2]

پڕۆژەی ئاساتووریان لە ڕاستیدا کوردناسی نییە. یان باشترە بڵێین کوردناسییەکی چەواشەیە. کوردناسیی ئاساتووریان بەشێکە لە پڕۆژەی ئێرانناسی ئەو. یەکێک لە تێزەکانی ئاساتووریان ئەوەیە کە ئەگەر لە ئێراندا زمانێکی دیکە جگە لە زمانی فارسی لە قوتابخانەکاندا بە دەرس بگوترێتەوە، ئەوپەڕەکەی بیست ساڵ ناخایێنێ کە ولاتی ئێران لەبەر یەک هەڵدەوەشێتەوە.

ئاساتووریان لە کتێبەکەیدا ڕەخنەی توند لەو کەس و لایەنانە دەگرێ کە لە کاری "شوناسسازی" بۆ کورد دان. دیارە پێشگریمانەی ئەو قسەیە ئەوەیە کە کورد خاوەنی شوناس نییە و کەسانێک بە تۆپزی خەریکی ساز کردنی شوناسێکی ساختە بۆ کوردن.

نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ:

"کوردناسی یەکێک لە سیاسەتبردووترین[3] لقەکانی ئێرانناسییە. دەوری خەڵکانی ئاماتۆری خۆجێیی لەم بوارەدا زۆر بەرچاوە. ئینشا نووسین لەم لقەدا پشێوی و هەرج مەرجێکی وەهای ناوەتەوە کە هەندێک جار بووەتە لەمپەرێک لە بەردەم پێشکەوتنی ئەو بوارە گرینگەی ئێرانناسی. کەچی لە لقەکانی دیکەی ئێرانناسیدا چالاکی ئاکادێمیک، لە لێکۆڵینەوە زەوقی و ئاماتۆرەکان بەتەواوی لێک جودان و هەرگیز نابنە ملۆزمی یەکتر. ئەو دەرەنجامانەی من لەم کتێبەدا پێیان گەیشتووم ڕەنگە بۆ هەندێک کەس ـ و بەر لە هەمووان بۆ ئاماتۆرەکان ـ چاوەڕواننەکراو بن. بەڵام وا باشە بزانن هەرچی لە هەناوی ئەم بەرهەمەدا

---

1 گارنیک آساطوریان، کردها و خاستگاه آنها، روش‌شناسی مطالعات کردی، ترجمه صنعان صدیقی، تهران، نشر فرهامه، ۱۳۹۷

2 جگە لەم کتێبە، کتێبێکی دیکەی ئاساتووریان کە لەگەڵ ویکتۆریا ئاراکوولیان نووسیویە بە ناوی " دین ملک طاووس: یزیدی‌ها و جهان معنوی آنها" وەرگێردراوەتە سەر زمانی فارسی و وەشانخانەی "فەرهامە" چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.

3 وشەی "سیاسەت بردووم" بە گوێرەی قالبی وشەیەکی وەکوو "تاوبردوو" وەک هاوتای "سیاست زدە" بە کار هێناوە.

www.kurdishbookhouse.com

خۆی حەشار داوە، لەسەر بنەمای دەیتا و پارامێتری زانستی بە گوێرەی مێتۆدۆلۆژییەکی وردبینانەوە شرۆڤە کراوە"[4]

ئەوەی لە نووسراوەکەی ئاساتووریانەوە هەڵدەهێنجرێ ئەوەیە کە ئەو، دوو کەمایەسیی بەرچاو لە نووسینی نووسەرە کوردەکاندا سەبارەت بە فەرهەنگ و مێژووی خۆیان دەبینێ و نووسینی خۆی لەم دوو کەموکوورییانە بە دوور دەبینێ. کەمایەسییەکان ئەمانەن:

یەکەم. نازانستی بوون و ئاماتۆر بوون

دووەم. ئایدۆلۆژیک بوون و سیاسەتبردوویی

لە ڕوانگەی نووسەری ئەم دێرانەوە، هەر دوو کەمایەسی بەشێوەیەکی بەرچاو پشتی نووسراوەی خودی ئاساتووریانی چەماندووەتەوە. بۆچوونی نووسەر لە زۆر شوێندا هەم نازانستین و هەم بە شێوەیەکی تۆخ ئایدۆلۆژیک و سیاسین.

نموونەیەک کە بەشێوەیەکی بەرچاو هاوکات هەم مۆرکێکی ئایدۆلۆژیکی پێوە دیارە و هەم دروشمی نازانستی بوونی لە ئادگاری دەخوێندرێتەوە کەڵک وەرگرتنی ئاساتووریان لە تێرمێکی داتاشراو و نازانستی بە ناوی "زمانی ناو لانک"ە.

ئاساتووریان پێی وایە ئەو زمانەی وا خاوەنی "وردە فەرهەنگەکان" بە هەڵە ناوی زمانی دایک ـ یان لەسەر داناوە و بریتییە لە زمانی خۆجێیی ناوچەی خۆیان، لەڕاستیدا زمانی ناو لانکە نەک زمانی دایکی. بەو پێیە وەڕاستگەڕاوی[5] "زمانی ناولانک" لە ئێراندا زمانگەلێکی وەک کوردی و بەلووچین.

ئاساتووریان دەڵێ:
"لە گوتاری هاوچەرخی ئێراندا [...] "زمانی ناو لانک" کە لەڕاستیدا بریتییە لە زمانی ئاخاوتنی خەڵکی خۆجێیی و خەڵک لە ناو ماڵدا قسەی پێ دەکەن [بە هەڵە] بە زمانی

---

4 کردها و خاستگاه آنها، ل ١٧
5 وەڕاستگەڕاو: مصداق



www.kurdishbookhouse.com

دایکی لە قەڵەم دەدرێ و بەم شێوەیە چەمکی دەرهەست و بەرهەست لێک دەدرێ و ئەوە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵە شوناسێکی ساختە"[6]

لە نووسینی زانستیدا، تێرمەکان پێناسە و پێشینەی خۆیان هەیە. ناکرێ کەسێک تێرمێک لە گیرفانی دەربهێنێ و بێ هێچ پێشینە و ئیرجاعێک و بە بێ لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل و بێ شرۆڤەکاریی ورد لە نووسراوەکەی بئاخنێ؛ ئەگەر واشی کرد، ئیتر نووسراوەکەی زانستی نییە. من لە هیچ سەرچاوەیەکی زمانەوانی باوەڕپێکراودا زاراوەی "زمانی ناو لانک" م نەدیتەوە کە ئاساتووریان بۆ وەسفی زمانی وەک کوردی کەڵکی لێ وەرگرتووە. واتە ئەو زاراوەیە نووسەر خۆی بە بێ پشت بەستن بە هیچ بنەمایەکی زانستی و بە مەبەستێکی سیاسی و ئایدۆلۆژیک دایتاشیوە.

چوارچێوەی گشتیی باسی زمانەوانی و مێژوویی ئاساتووریان سەبارەت بە کوردان، لە ڕاستیدا کەموزۆر هەر بریتییە لە باسەکانی مەکەنزی. بۆچوونەکانی مەکەنزی بەشێوەیەکی هەراو لە سەرانسەری نووسراوەکەی ئاساتووریاندا بڵاون. ئەوە لە حاڵێک دایە کە ئاساتووریان بۆچوونی هەر کوردناسێکی دیکە وەک مینۆرسکی و ویندفۆهێر و درایڤێر و ... کە بە حاڵ بۆنی چەسپاندنی چەشنێک شوناسی کەونارا یان جۆرێک شوناسی یەکپارچەی بۆ کوردان لێ بێ، بێ سێ و دوو لێکردن ڕەت کردووەتەوە. کەچی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی نووسراوەیەکی زانستی چەشنێک ڕوانینی بەربڵاو و گشتگرە نەک ڕوانینێکی حەزفی و بەرتەسککەرەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ بۆچوونەکانی مەکەنزی بۆ من ـ لەگەڵ ئەوەی زۆربەی بۆچوونەکانیم سەبارەت بە کورد پێ ڕاست نین ـ سەنگی محەکێکی زۆر لەبارە بۆ دیاری کردنی ڕاستبێژی ئەو کەسانەی قسەکانی ئەو وەک بەڵگەیەکی قایم بۆ پشتڕاست کردنەوەی بۆچوونەکانی خۆیان دەهێننەوە. مەکەنزی بەم بۆچوونە بەناوبانگە کە "گۆرانی" بە بەشێک لە زمانی کوردی نازانێ و حیسابی گۆرانەکان لە حیسابی کوردەکان جودا دەکاتەوە. هەموو ئەو کەسانەی ئەو بۆچوونە ناڕاستە بڵاو دەکەنەوە یەکێک لە گرینگترین بەڵگەکانیان بۆچوونەکانی مەکەنزییە و وەکوو دەقێکی پیرۆز و کتێبێکی ئاسمانی چاو لە نووسراوەکانی ئەو دەکەن. بەڵام لە هەمان کاتدا مەکەنزی، لەکی بە دیالێکتێکی کوردی ئەژمار دەکا. هەر

---

[6] کردها و خاستگاه آنها، ل ۱-۲۰

ئەو کەسانەی بۆ چەسپاندنی کوردی نەبوونی گۆرانی وەکوو قسەیەکی پێغەمبەرانە دەستەوداوێنی گوتەی مەکەنزی دەبوون، ئەوجار لە حاست بە کورد زانینی لەکەکان لە لایەن مەکەنزییەوە گوێی خۆیان دەئاخنن و ئەو قسەی مەکەنزی بە هێند وەرناگرن بە بۆچوونێکی هەڵەی دادەنێن.

ئەوە کارێکە کە ئاساتووریان دەیکا. گۆرانی بە کوردی نازانێ و یەکێک لە بەڵگەکانیشی بۆچوونی مەکەنزییە. بەڵام بۆ لەکی دەستەوداوێنی قسەیەکی هەرەمەکی و نازانستی دەبێ کە لەسەر زاری خەڵکی کووچە و بازاڕە. زۆر جار لەناو خەڵکی ڕەشۆکی دا دەبیسترێ کە لە وشەی "لەک"دا پیتی لام ئاماژە بە وشەی لوڕ دەکا و پیتی کافیش ئاماژە بە کورد دەکا. کەوایە لەکی تێکەڵاوێکە لە لوڕی و کوردی. ئەوە بۆچوونێکە کە پرۆفیسۆری کوردناس بەپێچەوانەی زۆربەی وارەکانی[7] تر وە پێش بۆچوونی مەکەنزی خستووە و لێرەدا بە شێوەیەکی ئاوارتە بۆچوونەکەی مەکەنزی بە هێند نەگرتووە.

جگە لەمە مەکەنزی کە گۆرانی لە زمانی کوردی دادەبڕێ، بە زمانێکی سەربەخۆی دانانێ بەڵکوو بە لکێکی زمانی فارسی دەقرسێنێ. لێرەشدا هەندێک لە فاکتهێنەران لە مەکەنزی دیسان فاکت لە بەشی یەکەمی بۆچوونی مەکەنزی دەهێننەوە بەڵام بەشی دووەمی بۆچوونی ئەو بە ناڕاست دەزانن. ئاساتووریان لێرەدا دەڵێ مەکەنزی ڕاستی بۆچووە و گۆرانی، لکێکی زمانی فارسییە.

هەر ئەوە ڕادەی نایەکانگیر بوونی بۆچوونی ئەو کەسانە و ڕادەی ڕاستبێژییان سەبارەت بە پشتبەستن بە مەکەنزی دیاری دەکا.

مامۆستا ئەنوەر سوڵتانی لەمەر مەکەنزییەوە دەڵێ:

"مەکەنزی لە دوو بەرەی جیاوازدا شەڕی باوەڕی باوی کوردانی دەکرد: یەکەم دژ بە یەکبوونی زمانی مادی و کوردی دەوەستا و دووهەم زاراوە باشوورییەکانی زمانی کوردی

[7] وار: بە پێشنیاری خوالێخۆشبوو مامۆستا ئەحمەد قازی، وەک هاوتای "مورد" دانراوە.



www.kurdishbookhouse.com

(هەورامی و زازایی و بە گشتی گۆرانی) لە کوردی بوون دەشۆردەوە و بە گشتی دەیکردن بە فارسی"[8]

من خاڵێکی دیکەش بەوخاڵانە زیاد دەکەم کە بۆچوونی مەکەنزی تێیاندا لەگەڵ باوەڕی کوردان لەمەڕ خۆیانەوە جیاوازیی قووڵی هەیە.

لە ڕوانگەی مەکەنزییەوە ئاخێزگەی زمانی کوردی دوور لەو ناوچەیە بووە کە ئێستا زۆربەی کوردان تێیدا نیشتەجێن و بیچم گرتنی زمانی کوردی لە ناوچەیەکی باشووریتر دا ڕووی داوە؛ واتە لە باکووری پارێزگەی فارسی ئەمڕۆ. دەلالەتی ڕاستەوخۆی ئەو قسەیە ئەوەیە کە کوردان دواتر بۆ ئەو ناوچانە کۆچیان کردووە کە ئێستا تێیدا نیشتەجێن و کوردستانی ئەمڕۆ ولاتی ڕەسەنی کوردان نییە.

ئاساتووریان کە بۆخۆی ئەرمەنیە بەباشترین شێوە ئەو بۆچوونەی مەکەنزی بۆ چەسپاندنی ئەو مەبەستە دەقۆزێتەوە کە گوایە هەموو ئەو ناوچانەی ئێستا پێی دەڵێن "کوردستانی تورکیە" ولاتی ڕەسەنی ئەرمەنیان بووە و کوردەکان دوای کۆچێکی بەربلاو کە لە ناوچە باشوورییەکانەوە کردوویانە لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بوونە.

زۆر دەیتای مێژوویی و زمانی و ئەدەبی بۆچوونەکانی ئاساتووریان ـ کە لەڕاستیدا هەمان بۆچوونەکانی مەکەنزیە و هەندێک بۆچوونی ناڕاستی دیکەشی پێوە زیاد کراوە ـ ڕەت دەکەنەوە.

لەمێژووی کورددا هیچ بەشێک لە کوردان ئەوەندەی گۆرانەکان داکۆکییان لە کورد بوونی خۆیان نەکردووە و هێندەی ئەوان شانازییان بە کورد بوونیان نەکردووە.

باوە سەرهەنگی دەودان لە شێعرێکدا دەڵێ:

سەرهەنگ دەودان، سەرهەنگ دەودان     ئەز کە ناممەن سەرهەنگ دەودان
چەنی ئێرمانان مەکێلم هەردان     مەکۆشم پەری ئایینی کوردان

[8] سوڵتانی، ئەنوەر، مەکەنزی و کورد، چاپەمەنی مانگ، ل ٩



www.kurdishbookhouse.com

شاوەیس قوڵی دەڵێ:

ئەسڵمەن جە کورد، ئەسڵمەن جە کورد		بابۆم کوردەنان، ئەسڵمەن جە کورد
من ئەو شێرەنان چەنی دەستەی کورد		سڵسڵەی سپای زوحاک کەردم هورد

هەتا دەگاتە خانای قوبادی. خانا دەڵێ:

ڕاستە مەواچان فارسی شەکەرەن		کوردی جە فارسی بەڵ شیرین ترەن
پەی چێش نە دەوران ئی دنیای بەدکێش		مەعلوومەن هەر کەس بە زمان وێش

دەمەوێ ئاماژە بە ڕاستییەک بکەم. باوە سەرهەنگی دەودان لە ساڵی ٩٣٦ی زایینی لە دایک بووە. ساڵی لە دایک بوونی خانای قوبادی ١٧٠٤ە. مەودای ئەو دوو شاعیرە نزیکەی هەشت سەدەیە. لە مەودای ئەم هەشت سەدەیەدا زۆر شت گۆڕاوە. بۆ نموونە دین و ئایین گۆڕاوە، نەریتە ئەدەبییەکان گۆڕاون. دینی باوە سەهەنگ یارسان بووە، خانا مسوڵمانە. لە زەمانی باوە سەرهەنگدا قالبی باوی شێعر دوو بەیتی بووە. لە دەورانی خانا دا، شێوەی باوی شێعر نووسین مەنزوومەی درێژی مەسنەوی بووە. بەڵام بە درێژایی نزیک هەشت سەد ساڵ لە باوە سەرهەنگەوە هەتا خانا و تەنانەت دواتریش، سەرەڕای هەموو گۆڕانکارییەکان و جوداوازییەکان، هەموو ئەو شاعیرانە لەسەر شتێک کۆکن و ئەو بابەتە بە درێژایی ساڵ و سەدان نەگۆڕدراوە: ئەوەی کە ئەو شاعیرانە بە فەخرەوە خۆیان بە کورد زانیوە. ئەو دیالێکتەی ئەو شاعیرانە کورد بوونی خۆیان پێ ڕاگەیاندووە دیالێکتی گۆرانی‌یە.

جگە لەمە فاکتەرەکانی یەکبوونی نەتەوەیی خۆ هەر بەتەنیا زمان نییە. داب‌ونەریت و ئەدەبیات و جلوبەرگ و یادەوەریی هاوبەش و زۆر فاکتەری دیکە وەها گۆران و لەک و باقی کوردەکان بە جەستەی سەرەکی نەتەوەکەیانەوە دەبەستنەوە کە بە گوێرەی نەریتە باوەکانی زانستی خەڵکناسی، ناتوانی گومان لە کورد بوونی ئەوانە بکەی. ئەوەی ڕاستی بێ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێتۆدۆلۆژیی زانستی خەڵکناسی ئەوەی گومانی دەخرێتە سەر کورد بوونی ئەو بەشە لە کوردەکان نییە، بەڵکوو زانستی بوونی کاری کەسانی وەک ئاساتووریانە.

میتۆدۆلۆژی زانستە مرۆڤییەکان لە هەندێک شوێندا جوداوازیی گرینگی لەگەڵ مێتۆدۆلۆژی زانستە سروشتییەکاندا هەیە. لە زانستی مرۆییدا، جوداوازییەک لە نێوان

www.kurdishbookhouse.com

تاوتوێ کردن لە ڕوانگەی چاوەدێرەوە و تاوتوێ کردن لە ڕوانگەی بکەرەوە هەیە. لە تاوتوێ کردن لە ڕوانگەی بکەرەوە توێژەرەوە دەبێ شێوەی ڕوانینی ئەو خەڵکەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکا بۆ بابەتە فەرهەنگییەکان بە گرینگ بزانێ و بۆ ئەوەی ئەنجامی توێژینەوەکەی باوەڕپێکراو بێ، هەوڵ بدا لە ڕوانگەی خودی ئەو خەڵکەوە تەماشای بابەتەکان بکا، نەک لە ڕوانگەی چاوەدێرەوە. کاتێک پسپۆڕێکی زانستە مرۆییەکان دەیەوێ لەسەر شوناس و فەرهەنگی خەڵکێک لێکۆڵینەوە بکا، بۆی نییە بڵێ من کارم بەوە نییە ئەو خەڵکە بە درێژایی نزیکەی هەزار ساڵ چۆن چاویان لە شوناسی خۆیان کردووە. ئەو شتانەی هەر بە تەنیا لە ڕوانگەی چاوەدێرەوە توێژینەوەیان لەسەر دەکرێ دار و بەرد و خزۆک و خورۆک و تەیر و توورن، نەک کۆمەڵە مرۆڤێک کە زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیات و مێژوویان هەیە و لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی خۆیاندا بێپێچوپەنا تەعبیریان لە شوناسی خۆیان کردووە.

بوارێکی دیکە کە تاقیگەیەکی بێ وێنەیە بۆ تاوتوێ کردنی ڕادەی نزیکی و دووری دیالێکتەکانی کوردی، مێژووی ئەدەبیاتی کوردییە. ئیجتهادی زمانی بە بێ شارەزا بوون لە مێژووی ئەدەبی کوردی کارێکی هەستیار و پڕ مەترسییە. هیچ بوارێک ئەوەندەی مێژووی ئەدەبی کوردی لێک بەستراوەیی و تێک تەندراوی دیالێکتەکانی وەک گۆرانی و لەکی ئاشکرا ناکا. مێژووی ئەدەبیات دیاردە ناهاوکاتەکان هاوکات دەکا و نەخشەیەک لەبەر دەستی لێکۆڵەر دادەنێ کە کۆمەڵە ڕاستییەکی قووڵ و نوێی تێدا بەدی بکا. ئاگاداری ئاساتووریان لە مێژووی ئەدەبی کوردی زۆر نییە.

سەبارەت بە کۆچی کوردان لە باشوورەوە بۆ باکوور و دەست بەسەرداگرتنی ناوچە باکوورییەکان، هیچ بەڵگەیەک ئەوەندەی ئاناباسی زەینەفۆن ئەو بۆچوونە بەتاڵ ناکاتەوە. زەینەفۆن سوپاکەی لە ٤٠١ی پێش زایین بە کوردستاندا تێپەڕیوە. ئەوە ڕاستە کە بە گوێرەی کتێبەکەی زەینەفۆنیش بەشێک لە ناوچە کوردستانییەکانی ئەوڕۆ لەو سەردەمەدا لەبەر دەستی ئەرمەنییەکاندا بووە؛ بەڵام ئەوەندە هەیە کە لەو سەردەمەدا واتە نزیکەی دوو هەزار و پینسەد ساڵ لەمەوبەر زەینفۆن گوزارش لە بوونی کوردان لە باکووری کوردستان وەک خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە و جیرانی ئەرمەنییەکان دەکا و بەپێچەوانەی بۆچوونی ئاساتووریان کە پێی وایە ئەو کوردانە سەرەتا لە ژێر گوشاری هێرشی عەرەبە مسوڵمانەکان و دواتر بە شێوەیەکی بەربڵاوتر بە هۆی ڕکەبەرایەتی نێوان ئیمپراتۆری عوسمانی و سەفەوی پەڕیوەی ئەو ناوچانە بوونە، دەسەلمێندرێ کە کوردەکان دانیشتووی ڕەسەنی ناوچەکە بوونە.

www.kurdishbookhouse.com

زەینەفۆن دەنووسێ:

"[سوپای یۆنانی] هەمان ڕۆژ لە گوندێکی هەڵکەوتوو لە سەرووی سەحرای نیزیک چۆمی کێندریت(سانتریت) مانەوە و ئۆردوویان لێدا. بەرینایی ئەو چۆمە دوو پلیترا بوو و وڵاتی کاردۆخییەکانی لە ئەرمێنیا جیا دەکردەوە. کاتێک یۆنانییەکان چاویان بەو دەشتە کەوت هەستیان بە حەسانەوەیەک کرد. مەودای نێوان ئەو چۆمە و وڵاتی کاردۆخ شەش تا حەوت ستادیۆ دەبوو. ئۆردوو لێدان لە نێوان گوندەکانی ئەو دەڤەرە بووە مایەی دڵخۆشی یۆنانییەکان. حەوت ڕۆژ ڕێپێوان بەناو گوندەکانی وڵاتی کاردۆخدا زەرەر و زیانێکی فرەی پێ گەیاندبوون و زیادتر لە ڕەنج و ئازاری پاشا و تیسافێرن بوو و لێرە توانیبوویان ئازووقەیەکی فراوان وەدەست بێنن و خەیاڵیان ئاسوودە بێت و بە ڕاحەتی پاڵی لێ بدەنەوە. بە دوور لەو هەموو ناخۆشیانە بە ڕەزایەتەوە خەویان لێ کەوت"[9]

زۆربەی توێژەران چۆمی کێندریت بە چۆمی بۆتان دەزانن. وەرگێڕی فەرانسەوی ئاناباس دەڵێ: زێی ناوەڕاست Centrites هەر دەبێ بۆتانسوو بێ. ئەو گوزەرگایەی کە یۆنانییەکان پێیدا ڕۆیشتوون دەبێ کەوتبێتە شاری سێرت Sertی ئەمڕۆ.[10]

بە ڕای مینۆرسکیش چۆمی کێندریت یان زێی ناوەڕاست کە یۆنانییەکان پێیدا تێپەڕیون دەکاتە مەڵبەندی بۆتان لە نزیک زنجیرە چیاکانی جوودی لە باشووری کوردستانی تورکیەی ئەمڕۆ.[11]

خاڵێکی سەرنجراکێش ئەوەیە زەینەفۆن کاتێک هاتووەتە کوردستان کە مادەکان ئیمپراتورییەکان لێ ڕووخاوە و دەسەڵاتیان کەم بۆتەوە. بە پێچەوانە ئەرمەنییەکان حکوومەتێکی بەدەستەڵاتیان هەبووە و هیچ گومانم نییە ئەو بە دەستەڵات بوونەی ئەرمەنییەکان و بێ دەستەڵات بوونەی کوردەکان وای کردووە بەشێکی زۆر لە وڵاتی کوردان

---

9 گزنفۆن، ئاناباس، وەرگێڕانی لە یۆنانییەوە عەلی فەتحی، هەولێر، خانەی موکریانی، ٢٠١٣، ل ١۶١

10 د فەرهاد پیرباڵ، کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس، ٢٠٠۶، ل ٩٣

11 سەرچاوەی پێشوو، ل ٧۶

www.kurdishbookhouse.com

کە لە جیرانەتی ئەرمەنییەکاندا هەڵکەوتووە بکەوێتە دەست حکوومەتی بەهێزی ئەرمەنییەکان.

دکتۆر فەرهاد پیرباڵ لە خویندنەوەی دەقی ئاناباسدا لە خاڵێکی جێگای سەرنج ورد بووەتەوە. پیرباڵ دەنووسێ:

"بەم قسەیەی ئێگزێنۆفۆن کاتێ دەڵێ چووین قسەمان لەگەڵ یەک دووانێکیان کرد [یەک دووانێک لە کاردۆخییەکان] دەردەکەوێ کە لەو سەردەمەدا کاردۆخەکان ژیانێکی عەشیرەتی و سیاسیی ڕێکوپێکیان نەبووە، هیچ ئاغا یان سەرکردە یان پاشایەکیان نەبووە، ئەگینا دەچووە پێشەوە و قسەی لەگەڵ سەرکردەی یۆنانییەکان دەکرد. ئەمە لە کاتێکدایە ئێگزێنۆفۆن کاتێ باسی ئەرمەنییەکان دەکات، باش ئاماژەی ئەوە دەکات کە ئەو ئەرمەنییانە پاشایەکیان هەبووە و ناوی ئەو پاشایە تیریباز بووە."[12]

هیچ ڕێی تێ ناچێ کورد دەستەڵاتەکەی لێ ڕووخابێ و ئەرمەن حکوومەتێکی بەهێزی بە دەستەوە بووبێ و بۆ ماوەی چەند سەدە ناوچە سنوورییەکانی نێوان کورد و ئەرمەن وەک خۆی مابێتەوە و ئەرمەنییەکان لەو بۆشایی دەستەڵاتە کەڵکیان وەرنەگرتبێ و نەهاتبنە ناو وڵاتی کوردان. بەڵام با هەر وای دابنێین لەو سەردەمەدا سنووری نێوان کورد و ئەرمەن هەر ئەوە بووە کە زەینەفۆن باسی دەکا. هەر ئەوە بۆچوونی ئاساتووریان هەڵدەوەشێنێتەوە کە پێی وایە شاڵاوی هاتنی بە کۆمەڵی کوردەکان بۆ ناوچە باکوورییەکان ڕووداوێکی مێژوویی نوێیە. با لە قسەی زەینەفۆن باشتر ورد بینەوە. زەینەفۆن دەڵێ پێش ئەوەی سوپای یۆنانی بگاتە زێی ناوەڕاست حەوت ڕۆژان بەناو وڵاتی کاردۆخدا ڕێپێوانی کردبوو. ئەو قسەیە هەم هەراویی ولاتی کوردان دەگەیێنێ هەم ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەو ناوچانە زۆر پێش هاتنی ئیسلام و یەکجار زۆر پێش دەستەڵاتی عوسمانییان هەمووی وڵاتی کوردان بووە.

نەوشیروان مستەفا ئەمین ئاماژە بە ڕاستییەکی گرینگ لە مێژووی کورددا دەکا. دەڵێ کوردستان دوو جار کەوتە بەر پەلاماری توندی نەتەوە غەیرە کوردەکان، جارێکیان پاش سەرهەڵدانی ئیسلام کەوتە بەر پەلاماری عەرەب و دواتریش پاش بڵاو بوونەوەی ئوغوزەکان

---

12 سەرچاوەی پیشوو، ل ٧٨



www.kurdishbookhouse.com

و سەلجووقییەکان و مەغۆلەکان کەوتە بەر شاڵاوی کۆچی تورکەکان. لە ڕوانگەی نەوشیروان مستەفا ئەمینەوە ـ بە پێچەوانەی بۆچوونی ئاساتووریان ـ هێرشی عەرەب بۆ سەر کوردستان سیمای دیمۆگرافی وڵاتی کوردانی نەگۆڕی و ئەو کوردانەش کە لە ئەنجامی شەڕی هێزی عەرەب و هێزی ساسانی کە لەسەر خاکی کورداندا ڕوویدا پەڕیوەی وڵاتی دیکە بوون، بە حەشیمەت کەم بوون[13] و بۆ لای ناوچەکانی ناوەندی ئێران چوون نەک بۆ لای ناوچەکانی باکوور، بەڵام هێرشی تورک بۆ سەر کوردستان سیمای دیموگرافی کوردستانی هەتا ڕادەیەکی زۆر گۆڕی و تورکەکان شەپۆل شەپۆل دوای شەپۆل بە درێژایی چەندین سەدە هاتن و نیشتەجێی ئەو ناوچانە بوون.

ئاساتووریان تەنانەت مێژووی هاتنی کوردان بۆ باکوور دەگێڕێتەوە بۆ کاتێکی زۆر نوێتریش و دەڵێ لە سەدەی شازدە بە دواوە دوای شەڕی ١٥١٤ لە نێوان سەفەوی و عوسمانییەکان سوڵتانی عوسمانی بە پێشنیاری مەلا ئیدریسی بیدلیسی کە خۆی خەڵکی ناوچەکە بووە، کوردەکانی لە ناوچەکانی کوردستانی تورکیای ئەمڕۆدا نیشتەجێ کردوون. ئاساتووریان بۆ ئەوەی خۆی لە دەست گوتەی بێپێچوپەنای زەینەفۆن سەبارەت بە شوێنی کۆنی نیشتەجێ بوونی کوردان ڕزگار بکا، زۆر بەسانایی دەڵێ کاردۆخەکان کورد نەبوونە.

پێم وایە بێ بنەما بوون و دەمارگیرانە بوونی ئەو بۆچوونانەی ئاساتووریان لە لای ئەو کەسانەی خوێندنەوەی ئاکادێمیکیان لەسەر مێژووی کوردستان هەیە زۆر ئاشکرایە. ئەو بۆچوونانە بێبنەماتر لەوەن کە لە توێژینەوە مێژووییەکاندا بە جیددی وەربگیرێن.

بەڵام دەمارگرژیی ئەرمەنییانە، ئاساتووریانی تووشی ناتەبایی زۆر زەقتری دیکەش کردووە. ئاساتووریان لە لایەکەوە کرمانجی ژووروو بە یەکێک لە کۆنترین دیالێکتەکانی کوردی دەزانێ، لە لایەکی دیکەوە پێی وایە لەبەر ئەوەی کوردی کرمانج لە کۆنەوە تێکەڵاوییان لەگەڵ ناوچەی ژیانی ئەرمەنییەکان هەبووە، ئەو دیالێکتەی زمانی کوردی بە خەستی کەوتووەتە ژێر کاریگەریتی تایبەتمەندییەکانی زمانی ئەرمەنی. ئەوە لە حاڵێك دایە کە ئاساتووریان لە بیری دەچێتەوە کە هەر خۆی پێداگری لەسەر ئەو بۆچوونە کردبوو کە کوردە کرمانجەکان لە سەدەی شازدە بە دواوە هاتوون بۆ ئەو ناوچانە. بۆیە ناچارە ئەو کەوانەیە

---

13 بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، کورد و عەجەم، مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، چاپی سێیەم، ٢٠٠٧

www.kurdishbookhouse.com

بە قسەکانی زیاد بکا کە یەکەمین پێک گەیشتنەکانی کورد و ئەرمەن ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوازدە. واتە هەتا ئێرە سێ جار بۆچوونی خۆی سەبارەت بە کۆچی (گریمانەیی) کوردان بۆ وڵاتی ئەرمەنییەکان گۆڕیوە: جارێک دەڵێ ئەو کۆچە لە سەدەی شازدەهەم و بە پیلانی مەلا ئیدریسی بدلیسی بووە. جارێک دەڵێ ڕەنگە لە سەدەکانی یازدە و دوازدەدا بووبێ و جارێکیش دەڵێ لە سەدەی شەشەم لە ئەنجامی هێرشی عەرەبدا ڕووی داوە.

یەکێک لەو بەڵگە زمانەوانییانەی ئاساتووریان بۆ چەسپاندنی کاریگەرێتی زمانی ئەرمەنی لەسەر دیالێکتی کرمانجی ژووروو باسی لێ دەکا جیاوازیی نێوان پیتی ڕێی کز و ڕێی قەڵەو لە زمانی کوردی دایە و دەڵێ ئەو تایبەتمەندییە فۆنۆلۆژیکە لە زمانی ئەرمەنییەوە چۆتە ناو زاراوەی کرمانجیی سەرووەوە. جارێ هەر باسی ئەوە ناکەم کە جیاوازیی ئەو دوو پیتە لە کرمانجی سەروودا بوونی نییە و تایبەتە بە کرمانجی ناوەڕاست. ئاساتووریان وا دیارە ئاگاداری ئەو ڕاستییە نەبووە. بەڵام پرسیار ئەوەیە جیاوازیی فۆنۆلۆژیکی نێوان ئەو دوو پیتە بۆ دەبێ ببێتە بەڵگەی کاریگەرێتی زمانی ئەرمەنی لەسەر زمانی کوردی؟ ئەو بانگەشەیە چۆن دەچەسپێندرێ؟ وەک نموونەیەکی دیکە لە باسی چاوگی "پارزنین"دا دەڵێ ئەو چاوگە هەر لەناو کوردانی کرمانجدا هەیە و سۆرانییەکان ئەو چاوگەیان نییە و لە جیاتی ئەو کەڵک لە چاوگی "پاڵاوتن" وەردەگرن، کەوابوو کرمانجەکان ئەو چاوگەیان لە ئەرمەنییەکان وەرگرتووە. بۆچوونی ئاساتووریان بە دوو بەڵگە هەڵەیە. مامۆستا مەسعوود محەممەد لە کتێبی زاراوەسازی پێوانەدا، ڕێک باسی ئەو چاوگە دەکا و دەڵێ لە ناوچەی کۆیە دەکار دەکرێ و تەنانەت ناویشی لێ ساز کراوە و خەڵکی ئەو ناوچەیە لە جیاتی وشەی "پاڵوێنە" دەڵێن "پارزۆنگ"، کە مامۆستا وەک هاوتای وشەی "فیلتێر" یان "صافی" پێشنیاری دەکا. بەڵگەی دووەم ئەوەیە کە خودی ئاساتووریان دەڵێ ئەو چاوگە لە هەندێک ناوچەی ناوەندیی ئێرانیشدا لە نێو زاراوە کۆنە ئێرانییەکاندا ماوەتەوە. کەوابوو بۆچی نەڵێین ئەو چاوگە لە زمانی کوردییەوە چووەتە ناو زمانی ئەرمەنییەوە نەک بە پێچەوانە؟

هەڵەی ئاساتووریان هەر لە بواری مێژوو و زمان دا نییە. ئاساتووریان لە بواری ئەدەبی کوردیش‌دا بۆچوونی ئەوتۆ دەردبڕێ کە یان تەعبیر لە ناشارەزایی ئەو لەم بوارەدا دەکەن یان نیشانەی ئەوەن کە بەئاگایانە خەریکە ڕاستییەکان سەبارەت بە زمان و مێژوو و ئەدەبی کوردان دەشێوێنێ. ئاساتووریان لە باسی گۆرانی و لوڕیدا دەڵێ:
"پێشینەی مێژوویی وەپاڵ دانی دیالێکتەکانی گۆرانی و لوڕی بۆ سەرچاوەیەکی کوردی ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدەهەم بەم لاوە ئەو دیالێکتانە

www.kurdishbookhouse.com

بوون بە زمانی پێوەندی و زمانی نقیساری فیرقەی ئەهلی حەق لە ناوچە کوردنشینەکانی باشوور و ناوەندا"[14]

هەر کەس سووکە ناسیاوییەکی لەگەڵ مێژووی ئەدەبی کوردیدا هەبێ دەزانێ دیالێکتی گۆران زۆر بەر لە سەدەی شازدەهەمەوە زمانی ڕەسمی ئایینی یارسان بووە. پێشینەی بەکارهێنانی گۆرانی لەلایەن یارسانەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەورەی بالوولی مایی. ئاساتووریان بە سەخاوەتێکی بێوێنەوە نزیکەی هەشت سەد ساڵ لە مێژووی ئەدەبی گۆرانی و پێشینەی ئەدەبی کوردی قرتاندووە و فڕێی داوە.

بابەتێکی دیکە کە ئاساتووریان زۆر جەختی لەسەر دەکاتەوە و لەم دواییانەدا بووە بە تەرجیعبەندی ئەو کەسانەی بڕوایان بە ئایدۆلۆژی ئێرانشاری هێناوە ئەوەیە کە "وشە"ی کورد لە دەقە کۆنەکاندا ئاماژە بە ناوی جەماعەتێکی ئەتنیکی تایبەت ناکا بەڵکوو بە مانای خەڵکی کۆچەر و خەڵکی ئاژەڵدار و شوانکارە بووە. یەکێک لە بەڵگەکانیشیان بۆ پشتڕاست کردنەوەی ئەو بۆچوونە ئەوەیە کە لە دەقە کۆنەکاندا ناوی کورد بۆ خەڵکێک بەکار هێنراوە کە جوغرافیای ژیانیان زۆر لە کوردستانی ئێستا دوور بووە. ئەوانە ناتوانن ئەو ڕاستییە مێژووییە بپەژرێنن کە لەگەڵ ئەوەی کوردستانی ئەمڕۆ لە کۆنەوە هەر شوێنی ژیانی کوردان بووە بەڵام بەربڵاویی جوغرافیایی شوێنی ژیان و کۆچ و کۆچباری کوردان لە زەمانی زوودا زۆر بەربڵاوتر لە کوردستانی ئێستا بووە. دکتۆر جەمشیدی سەداقەتکیش لە کتێبی "کردان پارس" دا باسی ئەو هۆزە کوردانە دەکا کە شوێنی ژیانیان هەتا ئەم دواییانەش لە ناوچە باشووری و ناوەندییەکانی ئێراندا هەڵکەوتبوو.

ئەو قسەیەی ئاساتووریان کە دەڵێ ناوی کورد لە زەمانی زوودا ئاماژە بە ناوی نەتەوەیەکی تایبەت ناکا، لەناو ئەودالانی دیکەی ئایدۆلۆژی پانئێرانسمیشدا کڕیاری زۆرە. ئیحسانی هووشمەند دەڵێ ناوی کورد نەک ئاماژە بۆ نەتەوەیەکی تایبەت، بەڵکوو ئاماژە بۆ شێوە مەعیشەت و بەڕێچوونێکی تایبەت دەکا؛ جا خەڵکی خاوەن ئەو شێوە بەڕێچوونە، چ کورد بووبن و چ غەیری کورد، ئەو ناوە لەبارەیاندا وەڕاست گەڕاوە. ئەو شێوە بەڕێچوونە بریتی بووە لە ژیانی ئاژەڵداری و کۆچ و کۆچباری بەردەوام.

---

[14] کردها و خاستگاه آنها، ل ٣٢

ئاساتووریان بۆ وشەی "کرمانج"یش هەر ئەو قسەیە دەکا و دەڵێ ئەو ناوە مانایەکی ئەتنیکی نییە بەڵکوو کرمانج بریتی یە لە خەڵکی بەلەنگاز و فەقیر.

بەکارهێنانی هەر دووک وشەی "کورد" و "کرمانج" بەم مانایانەش ـ وەک یەکێک لە ماناکانی ئەم وشانە ـ لەناو خودی کورداندا باوە. بەڵام ئەوە بەم مانایە نییە ئەو وشانە لە مانای ئەتنیکی بێبەرین. ئەو توێژەرانەی لە لقە جۆراوجۆرەکانی زانستە مرۆییەکاندا کار دەکەن ئەوەندە ژیر هەن بزانن زۆر جار وشەکان دەلالەتێکی تایبەت و دەلالەتێکی گشتیتریان هەیە و پشتگوێ خستنی هەر کام لەو دەلالەتانە دەبێتە هۆی ئەوەی توێژینەوەکەیان لە جیاتی ڕاستی، کاریکاتۆری ڕاستیمان پێشان بدەن.

لە زمانی عەرەبیشدا ڕێک ئەو جیاوازییە لەنێوان مانای گشتی و مانای تایبەتی وشەی "عەرەب"دا هەیە. وشەی عەرەب جاری وایە بە هەموو خەڵکی عەرەب دەگوترێ و جاری واشە (لەو کاتانە کە بە شێوەی کۆی "الاعراب" کەڵکی لێ وەردەگیرێ) بە بەشێک لە عەرەبەکان دەگوترێ؛ واتە عەرەبی دەشتەکی و کۆچەر، نەک عەرەبی نیشتەجێ و شارەیی. ئەو دوو مانایە بۆ وشەی عەرەب لە دەقی قورئانیشدا کەڵکیان لێ وەرگیراوە. لە هەر دوو ئایەتی خوارەوەدا وشەی (الاعراب) ئاماژە بۆ بەشێک لە عەرەب واتە عەرەبی دەشتەکی یان کۆچەر دەکەن. ئەوە بەم مانایە نییە ئەو عەرەبە کۆچەرانە عەرەب نین، بەڵکوو لێرەدا وشەی عەرەب بە مانا تایبەتەکەی بەکار هێنراوە نەک بە مانا گشتییەکەی:

قالَتِ الْأعْرابُ آمَنَّا قُلْ لَمْ تُؤْمِنُوا وَ لكِنْ قُولُوا أَسْلَمْنا وَ لَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمانُ فِي قُلُوبِكُمْ

وەگێڕانی مامۆستا هەژار: عەرەبەکانی دەشتەکی گوتیان باوەڕیمان هێنا. بێژە هێشتا باوەڕیتان نەهێناوە؛ بەڵام بێژن خۆمان بەدەستەوە داوە. هێمان بڕوای ئیسلامەتی نەچۆتە ناو دڵتانەوە.[15]

[15] قورئانی پیرۆز، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار، انتشارات تازە نگاە، نشر احسان، ل ٥١٧



www.kurdishbookhouse.com

**الْأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا وَأَجْدَرُ أَلَّا يَعْلَمُوا حُدُودَ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِ**

وەرگێڕانی مامۆستا هەژار: عارەبەکانی دەشتەکی لەمەڕ خودا نەناسین و دووڕوویی بێڕەزاترن و بۆ سنوور پێنەزانینی هەرچی خودا بۆ پێغەمبەری ناردووە، کۆڵیترن[16]

لەناو بەشێک لە کوردیشدا کاتێک کوردە کۆچەرەکانی ناوچەکانی دیکە دەهاتن، پێیان دەگوتن: "کوردە". یان کورد لەناو خۆیدا بە بەشێک لە خەڵکی گوتووە "کرمانج"؛ بەڵام هەردووک بەشەکە هەر کورد بوون و وا نەبوو بەشێکیان کورد بن و بەشێکیان غەیری کورد بن. هەڵگرانی ئایدۆلۆژی پانئێرانیستی وەک چۆن لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری دیاردە فەرهەنگییەکانی ناو کورددا نائاشنان، لەگەڵ ئەم شێوە بەکارهێنانانەش نامۆن. بەڵام جیاوازیی نێوان (اطلاق خاص) و (اطلاق عام) شتێک نییە پسپۆرێکی زانستە مرۆییەکان تێی نەگا، مەگەر ئەوەی مەبەستێکی تایبەتی هەبێ.

کۆتایی:

گارنیک ئاساتووریان کە لە ناوەندە ئاکادێمییەکاندا خۆی وەک کوردناسێک ناساندووە، هەڵگری ئایدۆلۆژییەکی سیاسی توندئاژۆیانەیە. ئەو ئایدۆلۆژییە ئاوێتەیەکە لە پانئێرانیسم و ناسیۆنالیسمی زێدەڕۆیانەی ئەرمەنی. لەگەڵ ئەوەی هەوڵ دەدا نووسراوەکانی ڕواڵەتێکی توێژەرانە و ئاکادێمیکیان پێوە دیار بێ، بەڵام نووسینەکانی لەباری زانستییەوە هەژارن و لە مێتۆدۆلۆژییەکی دروست بێبەرین. ئاساتووریان زیادتر لەوەی بە شوێن دۆزینەوەی ڕاستییەکان لەمەڕ مێژوو و فەرهەنگی کوردەوە بێ، کارگێڕێکی سیاسییە بە هەندێک ئامانجی دەستنیشانکراوەوە. ئایدۆلۆژی ئێرانشاری لە لقە جۆراوجۆرەکانی زانستە مرۆڤییەکاندا نوێنەری تایبەت بە خۆی هەیە. ئەو ئایدۆلۆژییە هەتا ئێستا زیادتر لە بواری ئەندێشەی سیاسی و مێژووی ئەندێشەدا کاری دەکرد. ئێستا خەریکە پەل دەهاوێژێ بۆ بوارەکانی زمانەوانی و مێژوو و خەڵکناسیش. ئاساتووریان لەم زەمینانەی دواییدا کار دەکا. جێگای خۆیەتی پسپۆرانی کورد لە بواری جۆراوجۆری زمانەوانی، مێژوو و خەڵکناسی، بێبنەما بوونی بۆچوونی کەسانی وەک ئاساتووریان بە شێوەی زانستی نیشان بدەن.

---

16 سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢

**این متن به صورت اختصاصی جهت انتشار در سایت خانه کتاب کُردی به نگارش درآمده است و هر نوع بازنشر آن با ذکر منبع «سایت خانه کتاب کردی مجاز می باشد.**

Website: www.kurdishbookhouse.com

Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse